www.kurdistannet.org

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەفەرموێ؛ با شەفاف بین!... ئەفسانە**

**ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هۆڵی پەرلەماندا ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەرلەمانتارانی هەرێمدا کەوتە گفتوگۆ.. مایەی سەرنجە کۆمەڵێ بابەتی گەورە وروژێنرا، هەروەک یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە و گەندەڵی و سەفەرەکەی بەڕێزی بۆ دەرەوەی وڵات..**
**بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەربارەی گەندەڵی فەرمووی با وردترێک ڕەخنەبگرین و ڕاستەوڕاست پەنجە بخەینە سەر ئەو کەسانەی گەندەڵن و یەکێک لە هۆکاری گەندەڵی گەڕانەوە بۆ جۆرە تێنەگەیشتنێک لەیەکتری..**

**بەڕێزم هەمووومان دەزانین پانزە ساڵ لەمەوبەر ڕاپەڕین لە باشوری کوردستان ڕویدا و دوابەدوای ئەو شارەکانی کوردستان هێدی هێدی دام و دەزگای نوێی تێدا دامەزرا.. هەموو ئەوانەی بەر لە پانزە ساڵ لەمەوبەریان لەیادە، دەزانن کە بەر لە ڕاپەڕین تاکوتەرای پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستاندا مابوون.. ئەو  هێزی پێشمەرگەیەی کە لەدوای ئەنفال و کوردکوژیەکەی بەعس مانەوە، زۆربەی هەرە زۆریان پەرەوازە و پەرت بوون و لە ئێران و لێرە و لەوێ گیرسانەوە..**

**سەرۆکی بەڕێز؛ جەنابت فەرمووت با هەمووومان هاریکاری یەکتر بکەین و گەندەڵی بنەبڕ بکەین، بەوەی کە ڕاستەوخۆ پەنجە بخرێتە سەر گەندەڵی.. لەم ڕوانگەیەوە وەک کەسێکی ئاسایی ئەم وڵاتە ڕێگە بەخۆمدەدەم بڵێم سەرچاوەی سەروەت و سامانی یەک بەیەکی مەسئولەکانتان (هی هەردوو ئیدارەکە) ڕون نیە و کەس بەتەواوەتی نازانێت ئەو هەموو سامانەیان لە کوێ بووە..**

**سەرۆکی ئازیز.. ئەو پرسیارانەی کە ئێستاکە من لە خەیاڵمدایە و وەڵامم لا نیە کتومت ئا ئەمانەن؛ هیچ یەکێک لەو مەسئولانەی کە ئێستاکە خاوەنی ئەو هەموو سەروەت و سامانەن و بە 'دەفتەر و بلۆک' قسەدەکەن، لەو کاتەدا جگە لە باوەڕیان بە کوردستان و لەشی خۆیان، خاوەنی هیچ سەروەتێکی تر نەبوون، بگرە هەندێکیان ڕاستەوخۆ دژی دەوڵەمەندی و سەرمایەشبوون.. ئەی چۆنە وا ئێستاکە هێندە دەوڵەمەندن؟ ئەو هەموو پارە و موڵکەیان لە کوێ بوو؟ کێ سەرپەرشتی پارە و موڵکی میلەت دەکات و ناهێڵێت لابەلا لێی بخورێت؟ بۆچی بوجەی کوردستان ڕاست و ڕەوان وەکو هەموو وڵاتێکی پێشکەوتوو ساڵانە ناخرێتە بەردەستی خەڵکی و ئاشکرا ناکرێت؟ بۆچی لێپرسینەوەیەکی ورد و بێلایەن لە مەسئولە هەرە گەورەکان ناکرێت و کەس لێیان ناپرسێت ئەو هەموو سامانەیان لە کوێ بووە؟**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**من پێم وانیە کاتی خۆی ئەو هەموو سامانەیان بەکۆڵدا دابێت و لە خەباتی شاخدا دۆڵاودۆڵ گێڕابێتیان، چونکە لەکاتی خەباتی ئەو کاتەدا تەنها چەک و بڕوا لەشاندەکرا.. دوای ئەوە هەموو ئەو مەسئولانەی کە ئێستاکە دیار و بەرچاون، ڕابوردوویان ئاشکرایە و هەژاری خێزانەکانیان مایەی شانازی و سەربەرزیە کە ڕۆڵەی کۆڵنەدەری وەک ئەوانی بەرهەم هێناوە، بەڵام کەڵەکەبوونی ئەو هەموو سامانە لە ماوەیەکی ئاوها کورتدا جێی پرسیار و نیگەرانیە و لەو بڕوایەدام زۆربەی خەڵکی لێی بە گومان بن... لەبەرئەوە دەڵێم؛ چی دەبوو ئەگەر سەرۆکی هەرێم ئەو هەموو گومانەی خەڵکانی ئاسایی وەک منی بڕەوانایەتەوە و سەرچاوەی سامانی مەسئولەکانی بۆ ڕونبکردیناتەوە؟؟**

23.11.2005

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com